

د. ئازاد حەمە شەریف

دیستۆپیا لە چیرۆکی "زیندووی مردوو" ی "محەرەم محەمەد ئەمین" دا

دیستۆپیا شوێنێکی یەگجار ناخۆش و خراپە کە مرۆڤ تێیدا هەست بە ترس و نائاسوودەیی و دڵتەنگی دەکات

یەکەم: پێناسەی دیستۆپیا

دیستۆپیا وشەیەکی یۆنانییە و لە دوو پارچە پێکهاتووە. "دیس -واتە خراپ"و " تۆپیا- واتە شوێن . "کەواتە دیستۆپیا شوێنێکی یەگجار ناخۆش و خراپە کە مرۆڤ تێیدا هەست بە ترس و نائاسوودەیی و دڵتەنگی دەکات. ئەگەر بە دوای پێناسەیەکی کورت و پوختدا بگەڕێین ، واباشترە سوود لەو پێناسەیەی "ویلیەم هارمۆن" و "هۆغ هۆڵمان" وەربگرین. بەڕای ئەوان دیستۆپیا "شوێنێکی خراپە. دنیایەکی خەیاڵییە و بە ئاسایی لە ئایندەدا وێنا دەکرێت."

یەکەمین کەس کە ئەو وشەیەی بەکار هێنابێت "جۆن ستیوارت میل" ١٨٠٦-١٨٧٣ بوو. ئەو فەیلەسووفە بەریتانییە بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا وشەی دیستۆپیای لە وتارێکی پەرلەمانیدا لە ساڵی ١٨٦٨ بەکار هێنا بۆ وەسفکردنی بارودۆخی کۆمەڵگەی بەریتانیای ئەو سەردەمە.

ئەوەی راستی بێت، تا کۆتاییی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمیش زۆربەی نووسەران و بیرمەندان و فەیلەسووفانی دنیا بە ئاواتی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی پڕ خێروخۆشی بوون بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی کە مرۆڤ لە سایەیدا بە ئاشتی و ئاسوودەیی و بەختەوەری ژیان بباتەسەر. ئەم خەونە پڕ لە ئایندەیەکی رووناکە خەونێکی یۆتۆپیاییە و لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم بەدواوە بەرەبەرە کاڵ و کاڵتر بووەوە تا سەرەنجام بووە مۆتەکەیەکی ترسناک کە بە دیستۆپیا ناسرا و واقیعە تاڵەش کە دواتر سەری هەڵدا هەڕەشە لە ژیان و دوارۆژی سەرجەم مرۆڤانی سەرزەوی دەکات.

دووەم: رووداو و هۆکارەکانی پەیدابوونی دیستۆپیا

گەلێک رووداو و هۆکار بەشداربوون لە پەیدابوونی ئەم گۆڕانە کتوپڕ و پێچەوانەیەدا. ئەگەر بەوردی بە دوای ئەو رووداو و هۆکارانە دابچین کە بوونە هۆی گۆڕینی روانینی گەشبینانەی مرۆڤ لە یۆتۆپیاوە بۆ روانینی رەشبینانە کە لە دیستۆپیا دەردەکەوێت، دەتوانین ئەمانەی خوارەوە بە سەرەکی دابنێین:

أ- سەرەنجامی شۆڕشی فەڕەنسی ١٧٨٩ کە درندایەتی و هۆڤگەرایەتی و کوشت و کوشتارێکی وای لێکەوتەوە کە تا ئەو دەمای لە مێژووی مرۆڤایەتی بێ وێنە بوو. هەرسێ دروشمی "ئازادی و یەکسانی و برایەتی" سەرەنجامەکەی بووە هۆی مل پەڕاندنی هەزاران کەس لە شوێنە گشتییەکان.

ب- زانست و دۆزینەوە زانستی و تەکنۆلۆجییەکانی سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی لەجیاتی ئەوەی بۆ خێروخۆشی مرۆڤ بەکار بێت ، بۆ زێتر چەوساندنەوە و کۆنترۆڵکردن و پەلبەستکردنی ئازادییەکانی تاک بەکار هات و بووە ئامرازێکی زۆر بەهێزی سیخوریکردن بەسەر مرۆڤەوە.

ج- "چارلس داروین" ١٨٠٩-١٨٨٢ کە لە ساڵی ١٨٥٩دا کتێبی" دەربارەی سەرچاوەی جۆرەکان" بڵاو کردەوە. بیروڕاکانی ناو ئەو کتێبە هێندە هەژێنەر بوون کە کۆتاییيان بە هەموو جۆرە گەشبینییەک هێنا. لەو کتێبەدا "داروین" باسی زۆرانبازی چەشنە بایۆلۆجییەکانی سەرڕووی زەمین دەکات لە پێناو مانەوەدا. لەم زۆرانبازییەشدا ئەو چەشنە بایۆلۆجییانەی کە لە رووی توانا جەستەیی و هزریەکانەوە خۆیان لەگەڵ دەوروبەر دەگونجێنن، تەنیا ئەوانن کە دەتوانن لەو جەنگەی مان و نەماندا بە زیندوویی بمێننەوە و درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن.

د- فرێدریک نیتشە ١٨٤٤-١٩٠٠: یەکەمین کەس بوو لە مێژوودا کە مەرگی خواوەندی راگەیاند. بەڕای ئەو مرۆڤ چی تر نابێت جگە لە خۆی پشت بە کەس ببەستێت چونکە ئەگەر مرۆڤ بیەوێت لە ژیاندا سەرکەوتوو بێت پێویستە ئەو بەخۆی پەرە بە توانا و وزەکانی خۆی بدات و ببێتە سوپەرمان و شوێنی ئەو خواوەندە بگرێتەوە. ئەم رایەی نیتشە کاریگەرییەکی زۆر خراپی کردە سەر روانینی خەڵک بەرامبەر بە ژیان و دواڕۆژی مرۆڤ و زۆر بە بەربادی وای کرد خەڵک بێ هیوا بن و رەشبینانە لەم ژیانە بڕوانن.

هـ- سیگمۆند فرۆید ١٨٥٦-١٩٣٩: ئەویش رۆڵێکی یەکجار کاریگەری گێڕا لە روانینی گەشبینانەی مرۆڤ بۆ رەشبینی. بەڕای ئەو لەبەر سێ هۆی سەرەکی مرۆڤ لەم سەرزەمینەدا هەرگیز ناتوانێت بەختەوەری بەدەست بهێنێت. ئەوانیش بریتین لە: یەکەم: زل و زەبەلاحی هێزەکانی سروشت و دووەم: لاوازی و بێهێزی جەستەی مرۆڤ و سێیەمین: غەریزە فەوتێنەرە کوێرانەکەی ناو جەستەی مرۆڤ.

و- کارڵ مارکس ١٨١٨-١٨٨٣ ئەو رای گەیاند کە هەر لە سەرەتای مێژووەوە ململانێی مرۆڤ ململانێی چینایەتی بووە و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ئەنجامی ئەو ململانێیە چینایەتییەوە قۆناغ بە قۆناغ بەرەوپێش دەچێت و بە قۆناغەکانی "کۆیلایەتی – دەرەبەگی – سەرمایەداری – سۆسیالیزم" دا تێ دەپەڕێت. لە هەریەک لەم قۆناغانەشدا ململانێی توندوتیژ کراوە و قوربانی بێژماریش دراوە و دەشدرێت. ئەمەش ئەو واتایەی لێ دەکەوێتەوە کە بەختەوەری مرۆڤ بەبێ قوربانیدان دەستەبەر ناکرێت.

ز- هەڵبەتە هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان ڕۆڵی کاریگەریان گێرا لە ڕەشترکردنی ڕوانینە ڕەشبینانەکەی مرۆڤی سەردەم و ئەمەش وای کرد کە نووسەران و بیرمەندان و فەیلەسووفانی ڕەسەن و پابەند بە کێشەکانی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی لە هەر کوێیەکی ئەم سەرزەمینە بن بە شێوازی جۆراوجۆر ئەم ڕەوتە پڕ لە ڕەشبینیەی دیستۆپیا لە کارەکانیاندا دەربکەوێت. هەرئەمەش وای کردووە کە میللەتی کوردیش بە حوکمی ئەوەی کە سەدان ساڵە لە ژێر کۆت و باری جەور و ستەمدا دەناڵێنێت و باجی زۆری سیاسەتە جۆربەجۆرەکانی دنیا و بەرهەمی تەکنۆلۆجی داوە ، ئەم ڕوانینە زۆر بە خەستی لە گەلێک لایەنی ژیانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

جا هیچ سەیر نییە کە نووسەرێکی وشیار و ڕۆشنبیر و لە دنیا بەئاگای وەکو "محەڕەم محەمەد ئەمین" ئەگەر بە شێوەیەکی نائاگایانەش بوو بێت بەم ڕەوتە نوێیە و بەم ڕوانینە نوێیەوە کاریگەر بووبێت و ئەم ڕەوتە لە چیرۆکێکی وەکو "زیندووی مردوو" دا ڕەنگ بداتەوە.

سێیەم: ئاکار و سیفەتەکانی دیستۆپیا

لە کۆمەڵگەی دیستۆپیدا بە زۆری ئەم ئاکار و جیاکەرەوانە بەرچاو دەکەون کە زۆربەیان لە چیرۆکی "زیندووی مردوو"دا بەدیار دەکەونەوە.

١- دەسەلات ڕۆڵێکی گەورە دەگێرێت و کۆنترۆڵی بەسەر هەمووو شتێکەوە هەیە هەر لە ژیانی تایبەتی تاکەکانەوە تا دەگاتە سەرجەم لایەنەکانی تری کۆمەڵگە.

٢- دانیشتووانی کۆمەڵگەی دیستۆپی بەتووندی لەسەر یەکڕایی ڕاهاتوون و ئەمەش لە ئەنجامی شۆردنەوەی مێشکی ئەوانەوەیە کە ئایدیۆلۆجیا نەک زانیاری ئاراستەیان دەکات «جا ئەم ئایدیۆلۆجیایە ئاینی بێت یان سیاسی».

٣- لە کۆمەڵگەی دیستۆپیدا سەرۆک و سەرکردەکان هەمیشە بەهێزن و مێگەلێک پاسەوان و یاساوڵ و کاربەدەستانی گوێڕایەڵ و سیخوڕ و ڕاپۆرتنووسیان بەدواوەیە.

٤- جۆرە مەنگییەکی سەرسامکەر لە کۆمەڵگەی دیستۆپیدا هەیە و هەرگیز هیچ گۆڕانێکی تێدا ڕوو نادات و هەرکەسێکیش باسی گۆڕان بکات سزای خۆی وەردەگرێت.

٥- چەوساندنەوە و سەرکوتکردن هەمیشە دەبنە هۆی یاخیبوون و یاخیبوانیش تەنیا دوو ڕێگەیان لە پێشە یان پەشیمانی و ڕیسوابوون یان زیندانکردن و لەناوچوون.

٦- لە کۆمەڵگەی دیستۆپیدا ئەوپەڕی نامرۆڤایەتی دەرهەق بە مرۆڤایەتی و مافەکانی مرۆڤ

دەکرێت، بەڵام کەس بە ئاشکرا ناوێرێت نارەزایی دەرببڕێت ئەگینا تووشی لێپێچانەوەی سیاسی دەبێت.

٧ـ نووسەرانی ئەم جۆرە چیرۆکانە بە زۆری چیرۆکەکانیان دەخەنە ناو چوارچێوە و دەوروبەرێکی خەیاڵییەوە و وا دەردەخەن کە زۆربەی جار ئەو کۆمەڵگایانە لە دوارۆژدا دروست دەبن . کەچی مەبەستی راستەقینەی ئەوان رەخنەگرتنە لەو کۆمەڵگەیەی کە بە خۆیان لە کاتی ئێستادا تێیدا دەژین. بۆیەش ئەوان وا دەکەن تاوەکو خۆیان لە چنگی سانسۆر دەرباز بکەن و تووشی لێپێچانەوەی یاسایی و سیاسی نەبن.

٨ ـ سیستەمی پەروەردە و دەزگاکانی راگەیاندن و هەر هەموو داوودەزگا فیکریەکان پابەندی هێز و حزبی دەسەڵاتدان و ئەو ئایدیۆلۆجیایەی کە بڵاویشی دەکەنەوە ئایدیۆلۆجیای حزبی دەسەڵاتدارە و هەر لە خزمەتی ئەو حزبە دایە.

٩ـ کاتی پشوو و حەسانەوە لە کۆمەڵگەی دیستۆپیدا زۆر کەمە و کاتی خۆش رابواردن کەمتریشە. تەنانەت منداڵانیش کاتی یاری و گەمەیان لێ کەمکراوەتەوە و کاتی ئەوانیش دراوەتە دەم پەروەردەکردنی ئایدیۆلۆجیانە.

١٠ـ کۆمەڵگەی دیستۆپی لە شاری زل و زەبەلاحدا بەرچاو دەکەوێت کە تاکەکان تێیدا بێ هێز و بێ هیوا و وەرووخاون. زۆربەی جارانیش ئەو شارانە بێ ناون یان ناوێکی وایان هەیە کە لە هەموو دنیادا ناوی وا نییە.

١١ـ کارەکتەرەکانی ـ کەسانی کۆمەڵگەی دیستۆپی کەسانی رووکەش و کارتۆنی و تاک رەهەندن. ئەوان تەنیا لایەنێکی ژیان نەک سەرجەم ژیان دەبینن. زۆر جاریش کارەکتەرەکان کەسانی بێ ناون.

١٢ـ لە پشتەوەی کۆمەڵگەی دیستۆپیدا هەمیشە چیرۆکێکی شەڕ، شۆڕش یان راپەرین هەیە.

١٣ـ تەکنۆلۆجیا و بەرهەمەکانی تەکنۆلۆجیا زۆر بە خەستی هەموو روخسارەکانی کۆمەڵگەی دیستۆپی داپۆشیووە و زۆربەی کات تاکەکانی کۆمەڵگە بە پێشکەوتووترین بەرهەمی تەکنۆلۆجیاوە سیخورییان بەسەردا دەکرێت.

١٤ـ تاکەکانی کۆمەڵگەی دیستۆپی هەمیشە نە لە ژیانی خۆیان و نە لە ژیانی گشتی رازین و هەمیشە لە کۆتاییدا ئەوان دەبنە قوربانی. زۆر کاتیش لە پەراوێزی کۆمەڵگەی دیستۆپیدا گرووپێکی ناگوێڕایەڵ بۆ یاسا و رێساکانی دەسەڵات پەیدا دەبن، بەڵام

ئەوان هەرگیز ناتوانن بگەنە دەسەلات و دەسەلات بگرنە دەست.

١٥ـ دانیشتووانی کۆمەڵگەی دیستۆپی هەمیشە کەسانی بەکاربەرن نەک بەرهەمهێن. هەرچی پارە و سامانیشیان هەیە بەردەوام لە شتی کەمالیاتدا "نابنچینەیی" خەرجی دەکەن.

١٦ـ کۆمەڵگەی دیستۆپی لە زۆر رووەوە بە کۆمەڵگەی هاوچەرخ دەچێت، بەڵام هێشتا لە سەدا سەد وەکو یەک نین.

١٧ـ هەمیشە کەسێکی دەرەکی لە دەرەوەی کۆمەڵگەی دیستۆپیدا هەیە. بەڵام ئەو کەسە دەرەکییە کەم جار وایە دەبێتە شاکەسی چیرۆکەکە و بۆیە هەر بە پەراوێز دەمێنێتەوە.

١٨ـ لە کۆمەڵگەی دیستۆپیدا پیاوسالارییەکی لە رادەبەدەر هەیە. مێیینەکانیش هەمیشە پەراوێزخراون و ئەوان بۆ چێژ و خۆشی وەرگرتنی دەسەڵاتداران دەژین و لە ژیاندا هێلراونەتەوە.

١٩ـ تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی دیستۆپی کارێکی سەخت و نیمچە ئەستەمە.

٢٠ـ لە کۆمەڵگەی دیستۆپیدا هەمیشە راستییەکان لە خەڵکی دەشاردرێنەوە یان بە چەواشەکراوی دەکەونە بەردەست. دەسەڵاتداران لە جیاتی راستییەکان دروشمەکانی خۆیان دەکەنە راستییەکی باوەڕپێکراو.

٢١ـ لە کۆمەڵگەی دیستۆپیدا هەمیشە سەرۆکێک هەیە تا رادەی پەرستن پیرۆز کراوە و زۆربەی کات خۆی لە خەڵک دەدزێتەوە و زۆر بە کەمی خۆی بە خەڵک نیشان دەدات.


محەڕەم محەمەد ئەمین

چوارەم: دیستۆپیا لە چیرۆکی " زیندووی مردوو" دا

هەر لە ناوونیشانی چیرۆکەکەی "محەڕەم محەمەد ئەمین"ەوە رەشبینی و نائومێدییەکی گەورە هەست پێ دەکرێت. ئەم ناوونیشانە سەرنجڕاکێشە هەر لە سەرەتاوە پێمان دەڵێت تەماشای زیندووەکان مەکەن وەکو زیندوو، چونکە ئەوانە لە راستیدا مردوون و بە هەڵە بە زیندوو حیساب کراون. بە واتایەکی تر، کەسانی ناو ئەم چیرۆکە هەرهەموویان وەکو زیندوو دێن و دەچن و دەجولێنەوە، بەڵام چونکە ئەوان بە هیچ جۆرێک شتێکی سوودبەخش و

مـانادار بـۆ كـۆمـەڵگەكـەیان ناكـەن بۆیە ئەوان مـردوون. هەڵبـژاردنـی ناوونیـشـانێكی وا سـەرنجـڕاكـێش و نووسـین لەبارەی بابەتێكی وا بایەخـدار و لەسـەر ئـەو ئاسـتـە هێـمـایییـە بەرزە چیرۆكەكەی تا لووتكە بەرز كردووەتەوە.

ئەم چیـرۆكـە دوو كـۆمـەڵگەمـان بۆ دەخـاتە روو. كـۆمـەڵگەیەك لـە كـاتـی ئێـسـتـادایە و خەڵكەكەی ئەو كۆمەڵگەیە لە ژیان بێزارن و نازانن كاتی خـۆیان چۆن بكوژن . خەڵكەكە بۆ كوشتنی كـات روو لە چایخـانە دەكـەن و كـاتـی خـۆیان بە دانیـشـتن لەسـەر قـەنەفـە و یاری ئەزنیف و دۆمـینە و قـسـەی هیـچـوپووچ و یاریكردن بە تەسـبێح و سـەیركـردنی رۆژنامـە و باوێشكدان و چاوخـستنەسـەر كـاتژمێر و یاریكردن بە زیخ و لمی سـەر سـۆپای چایخانەكە بەسـەر دەبەن.

كۆمـەڵگەی دووەم كۆمـەڵگەیەكی ناڕاسـتـەقـینەیە كـە خـەیاڵی "مـام دەروێش" بە مـەبەسـتـی پێك گرتن و پێك بەراوردكردن لەگەڵ ئەوەی یەكەمـیان نەخشـاندوویەتی. ئەم كۆمـەڵگەیە لە شـــارێكی بێ نـاو و لە ســـەردەمـــێكی نادیاردایە كــە خـــەڵكانی ئـەوێ هـەر بـەڕاســـتـی مـردووەكـانیـان بە زینـدوو تێ دەگـەن و هیـچ باكـیـان بەوە نیـیـە كە مـردووەكـانیـان بـنێژن. مـردووەكـانی ئەوێ وەكو بارەدار لە مـزگـەوت و سـەرشـەقـام و بازاڕەكان هـەڵچنراون. بەڵام كەس هـەست بەوە ناكات كە ئەوان مردوون و بۆنی كەلاكی بۆگەنیـان هیچ كەسـێكیش گێژ ناكـات جگە لە كـەسـانی لایەدی وەكو "مام دەروێش" ی چیرۆكگێڕەوە. جـا چونكە خـەڵكی ئەو شـارە خـەیاڵییـە چاویان لە بینینی ئەم دیمەنـانە و لووتیـان بە بۆنكردنی ئـەو بۆنانەوە راهاتوون و هێنده ئەو كـەلاكـانەیان بینیـووە و بۆن كـردووە تا هـەمـوو هەسـتـێكی بینین و بۆنكردنیـان لەلا مردووە و كەس چی تر هیچ نابینێت و بۆنی هیچ ناكات جگە لە كەسـێكی چاو و لووت رانەهـاتووی وەكو "مـام دەروێش".

لە هەمـووی سـەیرتر ئەوەیە كە خـەڵكی ئەو شارە خـەیاڵییە بە زانا و گـەوجەكـانییـەوە ئەو كـەلاكـانە بە مــردوو نـازانن و بە زینـدوویان دادەنێن و ئەو كـەلاكـانەیان لـەلا بەقـەد هـەر كەسێكی زیندوو خۆشەویستە.

"مـام دەروێش" "كە هێـمـای كـەسـێكی دنیـادیتـەی مـێشـك كـراوەیە" دەیەوێت گـۆڕان لە عـەقـڵی خـەڵكی شـارە خـەیاڵییـەكە بەرپـا بكات بەوەی داوایان لێ دەكات ئـەو مردووانە بە زوویی بنێژن ئەگینا هەموویان دەردەدار دەبن و دەفەوتێن. یەكەمین كەس كە "مـام دەروێش" رووی تێ دەكـات فەقێیـە ، كـە ئەویش هێـمـای نەوەی نوێی خـوێندەوارە" و دوای ئەویش روو دەكاتە مـەلای مـزگـەوت " كـە هێـمـای كـەسـانی زانست بەخش و پـەروەردەكـارانە". بەڵام نە

فەقێ و نە مەلا و نەهیچ کەسێکی تر پشتگیری لەو رایەی "مـام دەروێش" ناکـەن. بە پێچـەوانەوە هەر ئەوانن کـە دەیانەوێت بە زووترین کات کەسانی وەکو"مام دەروێش" لەو ناوە نەمێنێت. بۆیە هۆشداری پێ دەدەن کە تا زووە دەبێت خۆی دەرباز بکات دەنا خەڵکەکە بەو قسانەی بزانن زۆر زەحمەتە بە سەلامەتی دەرباز ببێت. رەنگیشە هەر فەقێ و مەلا زمانیان لە "مام دەروێش" دابێت و خەڵکیان لێی گاڵ دابێت تاکو بە دوای بکەون و شاربەدەری بکەن. رووداوی راوەدوونان و شاربەدەرکردنی "مام دەروێش" لەلایەن خەڵکی شارەکەوە رووداوێکی هێماییە، چونکە لەوێدا کەسانی گەوج و نەزان مرۆڤی هۆشدار راو دەنێن. ئەم رووداوە هێماییە لە جیهانی ئابووریدا بوونی هەیە و بەوە لێک دەدرێتەوە "العملة الردیئة تطرد العملة الجیدة" واتە " دراوی خراپ دراوی باش بەدەر دەنێت".

دەئینجا پێم بڵێ ئەوانەی لەو شەقامەدا دێن و دەچن چەندیان زیندوون؟! دەی قسە بکە! بۆ وا دەمت بووە بە تەڵەی تەقیوو ، ئایا ئەوانە مردوو نین گلۆر کراونەتەوە! ئاخۆ مردووی نەنێژراو نین؟! کوا گۆڕهەڵکەن و گۆڕستان

هەڵبەتە "مام دەروێش" بۆیە ئەو چیرۆکەی بۆ پاڵەوانە بێ ناوەکەی چیرۆکەکە گێڕاوەتەوە، چونکە ئەو لە رێگەی تەکنیکی هاوبابەتییەوە Objective Correlative دەیەوێت بە پاڵەوانی ئەم چیرۆکە و بە خەڵکی تریش بڵێت کە خەڵکی ئەو شارەی کە چایخانەکەی تێدایە و خەڵکی شارە بێ ناوە خەیاڵییەکەی ناو چیرۆکەکەی "مام دەروێش" هەردووکیان بە لاشە زیندوون، بەڵام بە بیر و مێشک مردوون. هەربۆیەش بەلای منەوە هەردوو کۆمەڵگە هەریەکن و خەیاڵی زیندوو و فراوانی "مام دەروێش" بۆ بەتینکردنی هەستی پاڵەوانی چیرۆکەکە و خوێنەر کردوونی بە دووان. بۆ سەلماندنی ئەو رایەش، لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا کاتێک دەمەتەقێ دەکەوێتە نێوان "مام دەروێش" و شاکەسی چیرۆکەکە "مام دەروێش" بە شاکەسەکە دەڵێت:

بەرای من چیرۆکی '' زیندووی مردوو'' نموونەیەکی راستەقینەی چیرۆکی دیستۆپییە لە ئەدەبی کوردیدا و رەنگە بە هەڵەشدا نەچووبم ئەگەر بە یەکەمین چیرۆکی دیستۆپی لە ئەدەبی کوردی دابنێم

"تۆ خۆت وا ئێستا لەم شارەدا دەژی کەچی چاوت کوێر

بووە، ئەم مردووانە نابینی... لووتیشت گیراوە بۆنی بۆگەن ناکەی ... ئا سەیرێکی دەرەوە بکە!" "مردووی زیندوو، ل ٦٣"

دوای ئەم قسانە شاکەسی چیرۆکەکە هەر لەسەر داکۆکیکردن لە قسەکانی خۆی مکوڕ دەبێت، بەڵام "مام دەروێش" بەم چەند رستەیە کۆتایی بەو مشتومڕە دەهێنێت و بەیەکجاری بۆ شاکەسی چیرۆکەکە دەسەلمێنێت کە ئەو کۆمەڵگەیە خەیاڵی و ئەو شارە بێ ناو و ناوونیشانەی لە سەرەتاوە بۆی باس کردووە هەمان ئەو شارەیە کە ئێستا ئەوان لە ناویدا دەژین و زیندووە مردووەکانیش هەمان ئەو کەسانەن کەوا لە بەردەمیان بەبێهوودەیی دێن و دەچن و ژیان بەسەردەبەن.

"مام دەروێش" دوای نەختێک بێدەنگی وا بە رووی شاکەسەکەدا دەتەقێتەوە:

"دەئینجا پێم بڵێ ئەوانەی لەو شەقامەدا دێن و دەچن چەندیان زیندوون؟! دەی قسە بکە! بۆ وا دەمت بووە بە تەڵەی تەقیوو ، ئایا ئەوانە مردوو نین گلۆر کراونەتەوە! ئاخۆ مردووی نەنێژراو نین؟! کوا گۆڕهەڵکەن و گۆڕستان!"

بەواتایەکی تر، "مام دەروێش" دەیەوێت بە شێوەیەکی زۆر هێمایییانە پێمان بڵێت ئەوانەی ناتوانن کۆمەڵگەکەیان بگۆڕن دەبێت ببردرێنە گۆڕستان"!

خاڵێکی تری سەرنجراکێش لەم چیرۆکەدا دانانی ئەو گوتە بەناوبانگەی زەردەشتی مەزنە کە دەڵێت "بیری چاک ، گوتەی چاک ، کردەوەی چاک" یەکسەر لە دوای ناوونیشانی چیرۆکەکە. گومان لەوەدا نییە کە "محەرەم محەمەد ئەمین" هەر لەخۆوە و بێ مەبەست ئەمەی نەکردووە. بەڕای من ، چیرۆکنووس هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەوە دەیەوێت ئەو پەیامە بە خوێنەر بگەیەنێت کە پێویستە سەرجەم مرۆڤایەتی پەیڕەوی بیری چاک بکەن و گوتەی چاک هەمیشە لەسەر زاریان بێت و ژیانیان لە پێناوی کردەوەی چاک تەرخان بکەن، ئەگینا ئەوانیش دەبنە زیندووی مردوو.

کەواتە ئەو پێوەندییەی کە لە نێوان ناوونیشانی چیرۆکەکە و گوتەی زەردەشت و ناوەڕۆکی هەردوو چیرۆکدا هەیە پێوەندییەکی هارمۆنی و یەکتر تەواوکەرە. هەروەک چۆن چیرۆکە خەیاڵییەکەی "مام دەروێش" تەواوکەری چیرۆکە دەرەکییەکەیە. تەکنیکی چیرۆک لە ناو چیرۆک کە هاوبابەتی لێکەوتووەتەوە و جێگۆڕکێکردن بە گێڕەرەوەی چیرۆک "چونکە لە سەرەتادا چیرۆک گێڕەرەوە پاڵەوانە بێ ناوەکەی ناو چایخانەکەیە، بەڵام دواتر "مام دەروێش" دەبێتە چیرۆک گێڕەرەوە و ئەوەکەی تر دەبێتە گوێگر" دووان لە کاریگەرترین تەکنیکن کە نووسەر زۆر وەستایانە و لێزانانە بەکاری هێناون.

ئەم چیرۆکەی "محەرەم محەمەد ئەمین" دەکرێت زۆربەی ئاکار و سیفەتەکانی دیستۆپیای تێدا بدۆزرێتەوە. لەمانەش بۆ نموونە: بەهێزی دەسەڵاتی ئاینی و یەکڕایی خەڵکی شارە خەیاڵی و راستەقینەکە و کاریگەری ئایدیۆلۆجیای باو و شۆردنەوەی مێشکی خەڵکی و مەنگی کۆمەڵگەکە و مێگەلایەتی خەڵکی ئاسایی و چەوساندنەوە و سەرکوتکردنەوەی کەسانی لادەر و گۆڕانخواز و رۆڵی بەهێزی سانسۆری فیکری و خەریکبوونی بەردەوامی خەڵکی بە شتی هیچوپووچ و بێ مانا و بوونی کەسایەتی تاک رەهەند و کارتۆنی و پەیدابوونی کەسێکی دەرەکی وەکو چاودێری ئەو کۆمەڵگەیە و دیاردەی پیاوسالاری و نیمچە ئەستەمایەتی تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆمەڵگەیە. هەر هەموو ئەو ئاکارانەی سەرەوە زۆر بە روونی لەو چیرۆکە مەزنە سەرسوڕهێنەرەدا دەبینرێن. بۆیە بەڕای من چیرۆکی "زیندووی مردوو" نموونەیەکی راستەقینەی چیرۆکی دیستۆپییە لە ئەدەبی کوردیدا و رەنگە بە هەڵەشدا نەچووبم ئەگەر بە یەکەمین چیرۆکی دیستۆپی لە ئەدەبی کوردی دابنێم.

بەهێزی بابەتی چیرۆکەکە و بالادەستی چیرۆکنووس لە بەکارهێنانی تەکنیکە جۆربەجۆرە نوێیەکانی چیرۆک و زاڵی نووسەر بەسەر زمانی نووسیندا و پوختی و پاراوی شێوازی دەربڕین وای کردووە کە تەنانەت دوای تێپەڕبوونی پتر لە نیو سەدە بەسەر نووسینی ئەو چیرۆکەدا، چیرۆکەکە هەمان گەرموگوڕی جارانی تێدا بمێنێت و سەرسامیەکی گەورە بە خوێنەر و رەخنەگران ببەخشێت. لە پاڵ ئەمانەی باسکران، ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی هێندە زیندووە هەر دەڵێی بۆ رۆژگار و سەردەمی ئەمرۆمان نووسراوە.

هەولێر: ٢٠٠٩/٧/٢٤

سەرچاوەکان:

١- محەرەم محەمەد ئەمین، کۆبەرهەمە ئەدەبی و سیاسی و فەلسەفییەکانی، سلێمانی: چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٨

2- William Harmon and Hugh Holman, **A Handbook to Literature**, (New Jersey: Prentice Hall, 2003)

٣- هەموو زانیارییەکانی تر کە لەبارەی دیستۆپیاوە لەو نووسینەدا بەکار هاتوون لە دوکتۆرانامەکەی خۆمم وەرگرتووە کە ئەمە ناوونیشانەکەیەتی:

Azad Hamad Sharif, "Dystopia in Modern British Fiction: An Analytic Study of Wells's, Huxley's and Orwell's Novels" (Unpublished PhD Dissertation Submitted to the University of Koya) May, 2008.